گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)-ژمارە(٣),پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسیاندا

## توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوی تێزی دکتۆرا

**م.ی.روان صبحی عبیدالله**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی دهۆک، زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک، دهۆک، هەرێمی کوردستان، عیراق
rewan.subhi@dpu.edu.krd

**پ.ی.د.ڕێبەر گۆران مستەفا**
بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق
rebar.goran@spu.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ بۆ زانینی ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای مامۆستایانی زانکۆلە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسیاندا. ئەم توێژینەوەیە لەجۆری وەصفییە وتیایدا میتۆدی روپێوی بەکارهاتوە بۆ سامپڵێکی هەرەمەکی هێشوویی کەژمارەیان (٣٩١) مامۆستای زانکۆیە لەزانکۆکانی (دهۆک-هەولێر-سلێمانی-هەڵەبجە). ئەم توێژینەوەیە گەشتۆتە چەند ئەنجامێک، لەوانە: دەردەکەوێت کەسامپڵی توێژینەوەکە ئاستی بەکارهێنانیان بۆ سۆشیال میدیا بەپلەی یەکەم بۆ تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووکە، هەروەها لە ئاستی گرنگیدان بەهۆشیاری سیاسی بۆ پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد لەسەر سۆشیال میدیا لەپلەی یەکەمدا پرسی بودجە دێت، دواتر سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم پێیان وایە بەشێوەیەکی روون ئاماژە بەکەناڵەکانی پەیوەندی دیپلۆماسی

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٤/٢٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٦/٥
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان:**
*Social Media, Academic Elite, Kurdistan Region, Role, Developing, Political Awareness.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.2

نێوان هەرێم وبەغداد لەسۆشیال میدیادا نادرێت سەبارەت بەچارەسەری دۆسیەی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد.

## ١.پێشەکی:

سۆشیال میدیا لە کۆمەڵێک پلاتفۆرم و ئەپلیکەیشن و پرۆگرام پێکدێت کە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنەران فەراهەم دەکات بە جۆرێک کە کارایی تەواوی بۆ بەکارهێنەران خوڵقاندوە و رۆچۆتە ناو هەموو بوار و زانست و بابەتەکان، بەتایبەت بواری سیاسی. هەرێمی کوردستانی عێراق بەدەر نیە لە نەخشەی میدیای جیهانی و بەشێوەیەکی بەرچاو سۆشیال میدیا تیایدا گەشەی کردوە و لەلایەن ژمارەیەکی زۆری تاک وگروپە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەوە بەکاردێت، لەم نێوەندەشدا بواری سیاسی بەشێوەیەکی بەرچاو رەنگیداوەتەوە لەرووی بابەت و بەکارهێنانەوە بەهۆی سروشتی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا، بۆیە توێژەران لە رێی ئەم هەوڵە زانستییەوە کاردەکەن بۆ گەشتن و زانین و خستنەرووی ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان و رۆڵی لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسیاندا.

## ٢. میتۆدنامەی توێژینەوەکە:

### ١.٢ کێشەی توێژینەوەکە:

توێژەران کێشەی توێژینەوەکە لە پرسیارێکی سەرەکیدا دەخەنەروو: (ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان و رۆڵی لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسیاندا چۆنە؟)، بێگومان ئەم پرسیارە سەرەکیەش خۆی لەچەند پرسیارێکی لاوەکیدا دەبینێتەوە:

١. ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن مامۆستایانی زانکۆلە هەرێمی کوردستاندا چەندە؟
٢. ئاستی گرنگیدانی مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان بەهۆشیاری سیاسی بۆ پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد لەسەر سۆشیال میدیا چەندە؟
٣. بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان چۆنە لەبەکارهێنانی سۆشیال میدیا و رۆڵی لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسیان بۆ پرسی توێژینەوە لەسەرکراو؟

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢.٢ گرنگی توێژینەوەکە:**

١- لەرووی زانستییەوە یەکێکە لە توێژینەوە نوێکان کە تیایدا پراکتیزەی مۆدێلی (التلقی–القبول-العینة/Reception Acceptance- Sample Model) کراوە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن مامۆستایانی زانکۆلە هەرێمی کوردستان و هۆشیاری سیاسییان بۆ پرسی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد.

٢- لەرووی پراکتیکیشەوە خستنەرووی داتا وزانیاری نوێیە لەسەر پێگەی سۆشیال میدیا لەکایەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا بەگشتی، بەتایبەت لەلای مامۆستایانی زانکۆ و هۆشیارییان بۆ پرسی توێژینەوە لەسەرکراو.

**٣.٢ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١. زانینی ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان.
٢. زانینی ئاستی گرنگیدانی مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان بەهۆشیاری سیاسی بۆ پرسی توێژینەوە لەسەرکراو لەسەر سۆشیال میدیا.
٣. گەشتن وخستنەرووی بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان لەبەکارهێنانی سۆشیال میدیا و هۆشیاری سیاسیان بۆ پرسی توێژینەوە لەسەرکراو.

**٤.٢ گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

١- گریمانەی یەکەم: پەیوەندی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و هۆشیاری سیاسی سەبارەت بەپرسی توێژینەوە لەسەرکراو لای مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- گریمانەی دوهەم: جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە هەیە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و رۆڵی لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسییان سەبارەت بەپرسی توێژینەوە لەسەرکراو بەپێی: (رەگەز - پێبەستبوونی سیاسی) هەیە.

**٥.٢ توێژینەوەکانی پێشوو:**

١- توێژینەوەی ئەمانی مووسڵی (٢٠٢٠)، **ڕۆڵی میدیای نوێ لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسی قوتابیانی زانکۆ - فەیسبووک وەک نموونە**، نامەی ماستەر، ئامانج لەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ڕۆڵی میدیای نوێ (فەیسبووک) لەگەشەپێدانی هۆشیاری سیاسی قوتابیانی زانکۆ، توێژینەوەکە لەجۆری وەصفییەکانە وتیایدا میتۆدی روپێوی بەکارهاتوە بەپشت بەستن بەفۆرمی راپرسی بۆ کۆکردنەوەی داتا وزانیاری، لەسەر سامپڵێکی هەڕەمەکی سادە کە پێکهاتبوو لە (٨٨) قوتابی نێر و مێ لە بەشەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی گشتی لە زانکۆی محەمەد الصدیق بن یەحیا لەجیجل. لەدیارترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش: بۆ بەدواچوونی پرسە سیاسییەکان قوتابیانی زانکۆ پشت بە فەیسبووک دەبەستن، فەیسبووک وایکرد قوتابیان کارلێک بکەن لەگەڵ ناوەڕۆکی سیاسی لە فەیسبووک و ئاڵوگۆڕی ڕاو بیرۆکەکاندا، زۆربەی قوتابیان کارلێککردنیان لەگەڵ پرسە نیشتمانییەکان پێباشترە، ئەمەش گوزارشتە لە حەزو ئارەزوویان بۆ کاروباری نیشتمانی.

٢- توێژینەوەی أشرف عصام فرید (٢٠١٦)، **ڕۆڵی پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە زیادکردنی زانیاری سەبارەت بە کێشە سیاسییەکان**، نامەی ماستەر، ئامانج لەم توێژینەوەیە ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە لە دروستکردنی پاڵنەری سیاسی لای قوتابیانی زانکۆ لە ئوردن، هەروەها پشت بەستن بە زانیارییەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی سەرەکی وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی وەرگرتنی زانیاری، لەگەڵ دیاریکردنی کاریگەریی مەعریفی و ویژدانی و رەفتاری، کە لای گەنجی ئوردنی دروستی کردووە. توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری لە توێژینەوەکەدا بەکارهێناوەو لە کۆکرنەوەی زانیاریەکاندا (٤٠٠) فۆرمی ڕاپرسی دابەش کردووە بە شێوەیەکی (مەبەستدار) لە نێوان قوتابیانی زانکۆی یەرموك و الشرق الاوسط، بۆ شیکاری ئەنجامەکانیش بەرنامەی (S.P.S.S) بەکارهێنراوە بۆ دەرهێنانی چەند ئاماژە وهاوکێشەیەکی ئاماری، لەوانە: (ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، هاوکێشەی کا٢). لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە: پاڵنەری سەرەکی بۆ بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بریتیە لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستکەوتنی نوێترین هەواڵ، بە خێراترین کات و ئاسانترین ڕێگا. وەرگرتنی هەواڵە سیاسیەکان، کاریگەریی مەعریفی و ویژدانی و ڕەفتاری لای گەنجان دروستکردووە.

٣. زینە بو شوارب، وەفا جەباری (٢٠١٥)، **ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی لە نێو قوتابیانی زانکۆ**، نامەی ماستەر، ئەم توێژینەوەیە کار بۆ کۆکرنەوەی زانیاری لەسەر (١٠٠) قوتابی زانکۆ کراوە لەرێی فۆرمی ڕاپرسی کەبەشێوەی سامپڵی (مەبەستدار) لە نێوان قوتابیانی زانکۆی (أم بواقي) وەرگیراوە، بۆ شیکردنەوەی داتاکان بەرنامەی (S.P.S.S) بۆ دەرهێنانی چەند ئاماژە وهاوکێشەیەکی ئاماری، وەك: (ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، هاوکێشەی کا٢) بەکارهێنراوە. لەگرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە: زیاتر لە نیوەی وەڵامدەرەوەکانی ڕاپرسینامەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەمیشەیی پێگەی فەیسبوك بەکاردێنن. بەدواداچوون بۆ هەواڵەکان و ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان گرنگترین پاڵنەرەکانن بۆ ئەوەی بە ڕێژەی (%٣٢) وەڵامدەرەوەکان فەیسبووک بەکاربهێنن.

**٦.٢ جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژنەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەصفییەکانە و میتۆدی ڕووپێوی تیادا بەکارهاتوە.

**٧.٢ کۆمەڵگە وسامپڵی توێژینەوەکە:**

مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان نمایشی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکەن، هەربۆیە توێژەران سامپڵێکی هەڕەمەکی هێشووییان وەرگرتوە بەرێژەی (%٥) بۆ هەر زانکۆیەک کەکۆی گشتی دەکاتە (٣٩١)ئەکادیمی، بەپێی تایبەتمەندی دیموگرافی: ( رەگەز/نێر ومێ، پێبەستبونی سیاسی/پارتی ویەکیتی ونەوەی نوێ ویەکگرتوو وکۆمەڵ وسەربەخۆ).

**٨.٢ ئامرازی توێژینەوەکە:**

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا وزانیاری پەیوەست بەپرسیار وئامانجەکانی توێژینەوەکە، کەخۆی لەسێ تەوەری سەرەکیدا دەبینیەوە، پاش ئەوەی لەلایەن چەند مامۆستایەکی پسپۆر هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجامدرا، لەکۆتایدا

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وئەو بەشەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوە، بریتیە لەشەش پرسیاری سەرەکی و(٤١) برگە کەبەشێوەی کاغەزی ئامرازەکە دابەشکراوە وداتاکان کۆکراوەتەوە.

**٩.٢ راستی وجێگیری ئامرازی توێژینەوەکە:**

توێژەران کاریان لەسەر ڕاستی ڕواڵەت کردوە بۆ ئامرازی توێژینەوەکە، بەجۆرێك پاش گەڵاڵەکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی سەرەتایی، فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێك لەبواری ڕاگەیاندن بەمەبەستی هەڵسەنگاندن وتۆمارکردنی تێبینیەکان، لەسەر بنەمای هاوکێشەی دیاریکراو:

(هاوکێشەی راستی رواڵەت=برگەراستەکان/کۆی برگەکان×١٠٠)

(واتە: راستی رواڵەتی ئامرازی توێژینەوەکە=٤١/٤٨×١٠٠=٨٥.٤٢)

ئەم ڕێژەیەش ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە. سەبارەت بەجێگیری فۆرمی ڕاپرسی ڕا جێگیری ناوخۆیی بەکارهێناوە بۆ داتاکانی توێژینەوە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ئەلفاکرونباخ بۆ پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (١): جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە

| برگە | ژمارەی برگەکان | پێوانەی جێگیری توێژینەوە |
|---|---|---|
| پرسیارەکان | ٤١ | ٠.٨٤٦ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١) دەردەکەوێت کەجێگیری توێژینەوە بۆ پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی بریتیە لە (٠.٨٤٦)، کەئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە.

**٢.١٠ سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری زانستی: لەرووی زانستییەوە سنوری توێژینەوەکە نمایشی بابەتی سۆشیال میدیا وهۆشیاری سیاسی دەکات.

سنوری مرۆیی: لەرووی مرۆییەوە سنوری توێژینەوەکە نمایشی دەستەبژێری ئەکادیمی دەکات.

سنوری شوێن: لەرووی شوێنەوە سنوری توێژینەوەکە نمایشی هەرێمی کوردستان-عێراق دەکات.

سنوری کات: لەرووی کاتەوە سنوری توێژینەوەکە نمایشی ماوەی نێوان (١-٩-٢٠٢٢) بۆ (٣١-١٢-٢٠٢٢).

**١١.٢ چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

١- ڕۆڵ: مەبەست لە چەمکی ڕۆڵ لەم توێژینەوەیەدا ئەو ڕۆڵەیە کەرەنگە سۆشیال میدیا لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسی لای دەستەبژێری ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستاندا دروستیبکات، جا ئەرێنی بێت یان نەرێنی.

٢- سۆشیال میدیا: مەبەست لە چەمکی سۆشیال میدیا لەم توێژینەوەیەدا تێکرای ئەو تۆر وئەپڵیکەیشنانە دەگرێتەوە کەلەبواری میدیا وپەیوەندیکردندا بەکاردێن، ڕێگە خۆشکەرە بۆ بەکارهێنەران بۆ گەران بەدوای هەواڵ و زانیاری وبیر وبۆچوون و بابەتە جۆراوجۆرەکان کەلەرێی تێکست و وێنە وڤیدیۆکانەوە بڵاکراونەتەوە، تیایدا بەکارهێنەران دوو کۆمەڵگەی جیاوازیان بۆ دروست بوە، ئەوانیش: (واقعی-گریمانەیی)، پشتبەست بەهەریەکێک لەئامرازەکانی (کۆمپیوتەر و تابڵێت و مۆبایلی زیرەك) بەکاردەهێنرێن، وەك: (فەیسبوك و یوتیوب و تیلیگرام و تیکتۆك).

٣. هۆشیاری سیاسی: بەواتای ئەو تێگەیشتن و زانینە دێت کە لە سروشتی سیستەمێکی سیاسی دیاریکراودا رودەدات پەیوەست بەپرسێکی ناوخۆیی یان ئیقلیمی یان نێودەوڵەتی، کەرەنگە سروشتی ئەم هۆشیارییە ئەرێنی یان نەرێنی بێت.

٤- دەستەبژێری ئەکادیمی: مەبەست لە چەمکی دەستەبژێری ئەکادیمی لەم توێژینەوەیەدا مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانە، کەهەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵا وماستەر ودکتۆران، توێژەران لەباڵایی ئاستی فێرکاری و هزری و ڕۆشنبیری و هۆشیاریانەوە دەروانن، وەک کۆمەڵی توێژینەوە وەرگیراون.

٥- هەرێمی کوردستان-عێراق: مەبەست لە چەمکی هەرێمی کوردستان-عێراق لەم توێژینەوەیەدا هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمن کەبریتین لە: (هەڵەبجە و سلێمانی وهەولێر و دهۆک) کەنمایشی چوار زانکۆی توێژینەوە لەسەرکراو دەکەن لەرووی سنوری جوگرافییەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)-ژمارە(٣)،پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٣. تیۆرینامەی توێژینەوەکە:

### ٣.١ سۆشیال میدیا.

سۆشیاڵ میدیا بریتیە لەو ماڵپەڕانەی ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات کە لاپەرەی کەسیی و تایبەت بە خۆیان دروست بکەن لە نێو سیستەمێکی مەحکەم و پتەو و لیستی هاورێکانیش بە دەرخەن بۆ ئەوانەی بەشداری دەکەن لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا (رمضان، ٢٠١٦، ص١٨٥).

دەرکەوتنی سۆشیال میدیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٩٥) کاتێك ماڵپەری هاورێیانی قوتابخانە بە ناوی (classmates) بۆ پەیوەندییکردنی نێوان هاوپۆلانی خوێندن سەریهەڵدا (التمیمی، ٢٠١٦، ص١٨)، ساڵی (١٩٩٧) ماڵپەری (sixdegrees.com) سەریهەڵدا، ئەم ماڵپەرە جەختی لەسەر پەیوەندییکردنی راستەوخۆ دەکردەوە بە بێ لەبەرچاوگرتنی وابەستەبوونی زانستی و ئیتنیکی یان ئاینی (عبد، ٢٠٢٠، ص٥٩)، دواتر لە ساڵی (٢٠٠٣و ٢٠٠٤) توانرا پلاتفۆرمی (Myspace و Facebook) دروست بکرێن، ئەم هەردوو پلاتفۆرمانە بە خێرایی جەماوەرێکی زۆریان لە دەوری خۆیاندا کۆکردەوە بە تایبەتی لە نێو گەنجاندا، زیاتر دەرفەتی دروستکردنی هاورێیەتی دەرەخسێنێت لە رێگەی دانانی زانیارییە کەسییەکانی تایبەت بە هەر بەکارهێنەرێك کە بریتین لە (رەگەز، تەمەن، کلتور، باکگراوندی کۆمەڵایەتی وئاستی خوێندەواری) (M.Boy.2007,p.214)

بەگشتی دەتوانرێت سوودەکانی سۆشیال میدیا لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخرێنەڕوو:

١- ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆ بڵاوکردنەوەی ئەڵتەرناتیف کە ئازادی ڕادەربڕینی بێهاوتا بە هاوڵاتیان و بەتایبەت کەمینەکان دەدات.

٢- وەرگرتنی ئەو بۆچوون و بابەتانەی کە لە میدیای کلاسیکییەوە گرنگی پێویستیان پێنادرێت، دەربڕینی ڕەوتەکانی دژایەتیکردنی بیروباوەڕ و بیرۆکە باو و چەسپاوەکانی کۆمەڵگا.

٣- کۆکردنەوەی پشتیوانی و هاودەنگی لە دژی سیاسەتەکانی سیستەمی سیاسی ئەگەر گەندەڵ بێت.

٤- دەستڕاگەیشتن بە پرسە ناوخۆییەکان بۆ ڕای گشتی جیهانی، کە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت.

٥- هاندانی پرەنسیپی سەربەخۆیی خود، کە تیایدا هەر تاکێک بەرپرسیارە لە چالاککردنی تۆڕی کۆمەڵایەتییە کەسییەکەی خۆی.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٦- بەستنەوەی تاک بەو گرووپانەی کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە بەڵام لەڕووی جوگرافی و شوێنەوە لەیەکترییەوە دوورن، هەستی تاك بەهێز دەکات کە ئەو تاکێکی خوازراوەو توانای بەدەستهێنانی چەندین دەروازەی چوونە ناوەوەی هەیە بۆ گەشەپێدانی خودی خۆی.
٧- ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ ڕێکخستن و کۆکردنەوە و ڕەواج پێدانی هەر ڕووداوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە.( حسین، ٢٠١٤، ص١٠٨).

### ٣.٢ مۆدێلی (وەرگرتن، پەسەندکردن، نمونە).

لەساڵی (١٩٩٢) جۆن زیللەر (John zaller) مۆدێلی "وەرگرتن – پەسەندکردن – نموونە"ی دانا کە بە یەکێك لە بەهێزترین بیردۆزەکان دادەنرێت لەبارەی پێکهێنانی هۆشیاری سیاسي وڕای گشتیدا کە ئەو بارودۆخانە شیی دەکاتەوە کە لەمیانەیاندا پەیامەکە لە سەرچاوەکەیدا وەردەگیرێت، هەروەك قۆناغی دوای وەرگرتنی پەیامەکە شرۆڤە دەکات کە ئەویش قۆناغی بڕیاردانە بە قەبوڵکردنی پەیامەکە یان ڕەتکردنەوەی، بەشێوەیەك پشت دەبەستێت بە چڕی پەیامەکەو ئاستی هۆشیاری لای تاك یان جەماوەری وەرگر بۆ پەیامەکە (Agnieszka, 2005, p.3).

گریمانەی سەرەکی مۆدێلی وەرگرتن لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە تاکی وەرگر بۆ زانیارییەکان لە هەر بارودۆخێکدا بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە میدیا دەبەستێت لە وەرگرتنی زانیاریدا، و چەندین فاکتەریش کاریگەری دەکاتەسەر وەک (شێوازی بەکارهێنانی ئامرازی میدیایی، سروشتی ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی، گرنگیپێدانی وەرگر، گونجاندنی ناوەرۆک لەگەڵ ڕەوشی ئێستایدا) (الجمال، ٢٠٢٠، ص٢٢).

زیللەر پێی وایە ئەو گۆڕانکارییانەی لە هەڵوێستەکانی تاکدا ڕوودەدەن، لەسەر ئەمانەی خوارەوە پێکدەهێنرێن: (بەها سیاسییەکان، ئاراستە جیاوازەکانی زانیاری، پلەی هۆشیاری سیاسی، جیاوازی پلەی بەرکەوتن بەزانیارییەکان).

ئەم مۆدێلە بەسێ قۆناغی سەرەکیدا تێدەپەڕێت کە ئەوانیش بریتین لە:

- قۆناغی یەکەم/ وەرگرتنی پەیامی میدیا: کەلەسەر دوو بنەما دەبێت ئەوانیش (وەرگرتن و تێگەیشتن)ن.

- قۆناغی دووەم/پەسەندکردنی پەیامەکە: لەمیانەی ئەم قۆناغەدا تاکەکەس ڕێوشوێنێك وەردەگرێت بەرامبەر ئەو پەیامەی وەریگرتووە، کە سێ شێوە وەردەگرێت، ئەوانیش: (بەرگریکارانەی هاوسۆزانە، بەرگریکارانەی خۆیەتی، دژە بەرگری).

- قۆناغی سێیەم/ گۆڕانی ئاڕاستە یان جێگیربوونی: مەبەست لە قۆناغی گۆڕانی ئاڕاستە ڕوودانی گۆڕانکارییە لە تەرازووی بەهەندوەرگرتنەکانی ئەرێنی و نەرێنی پەیوەست بە کێشەیەکەوە، دوو جۆر ئاڕاستەگۆڕینیش هەیە: (گۆڕینی ئاڕاستە، لاوازبوون یان نەمان).

گۆڕاوەکانی تایبەت بە مۆدێلی (وەرگرتن – پەسەندکردن – نموونە) بۆ دوو پێکهاتە دابەشدەبێت:

١- گۆڕاوەکانی تایبەت بە وەرگر: مۆدێلەکە گۆڕاوەکانی وەرگر لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە هۆشیاری سیاسی و ئاڕاستەکانی تاك وتایبەتمەندییە کەسییەکانی (ڕێزگرتنی خودی دەسەڵاتخوازانە، دڵەڕاوکێ و زیرەکی) وگۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەک (ئاستی خوێندن، تەمەن، ڕەگەز، ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری) (ذو الفقار، ٢٠٠٤، ص٢٣٥).

٢- گۆڕاوەکانی تایبەت بە پەیامی میدیایی: "زیللەر" پێیوایە کە پەیامی میدیایی دوو خەسڵەتی بنەڕەتی وسەرەکی هەیە: (چڕی جەختکردنەوە لەسەر پەیامەکە، بەربڵاوی پرسەکە).

لەسەر بنەمای ئەمە، توێژەر مۆدێلی (زیللەر) وەك گوزەرێکی شیکەرەوە بەکاردەهێنێت بەپێی ئەو قۆناغانەی کە مۆدێلەکە هەیەتی، زیاد لەوەش مۆدێلەکە وەك گۆڕاوە سەرەکییەکان لە بابەتی توێژینەوەکە بەکاردەهێنێت، هەروەك توێژەر هەندێك لە گریمانەکانی مۆدێلەکە هەڵدەبژێرێت ئەوانەی پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە.

### ٣.٣ هۆشیاری سیاسی.

هۆشیاری سیاسی پەیوەندی بە تێگەیشتن و هۆشیاری تاکەوە هەیە لە سروشتی ئەو سیستەمە سیاسییەی کە هەیە لەگەڵ پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی، هەروەها زانین و تێگەیشتن لە گرنگترین پرس و ئاڵنگاری سیاسی لەسەر ئاستی نیشتمانی و نەتەوەیی و نێودەوڵەتی. وە ئەو لایەنانەی کە هۆشیاری تاک پێکدەهێنن، دەبێ لە چوارچێوەی بزووتنەوە و خەباتدا خۆیان دەرببڕن، جا چ خەباتێکی جەماوەری یان ڕێکخراوەیی بێت ( علم الدين، ١٩٩٣، ص٥٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)-ژمارە(٣),پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها هۆشیاری سیاسی بەم شێوەیەش پێناسە دەکرێت کە کۆمەڵێک زانین و چەمک و ئایدیایە کە بەشدارن لە پێکهێنانی کلتووری سیاسی بە مەبەستی دەستنیشانکردنی چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگا، و وایلێدەکات تاک بتوانێت لێکدانەوە و شیکردنەوەی تێڕوانینە سیاسی ناوخۆیی و جیهانییەکان بکات لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدی زانستیدا، و بەشداریی بکات لە ڕێکخراو و پرۆسە سیاسییەکان، و دەربڕینی دیدگای خۆی لە میانەی ڕێگەی شەرعیەوە دەرببڕێت (جمیل، ٢٠١٠، ص ٧٠).

## ٤. پراکتیکنامەی توێژینەوەکە:

* <u>یەکەم/ تایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوە.</u>

خشتەی (٢): تایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەکە

| ڕەگەز | دوبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| نێر | ٢٤٤ | ٦٢.٤ | ١ |
| مێ | ١٤٧ | ٣٧.٦ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٣٩١ | ١٠٠ | |
| پێبەستبوونی سیاسی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
| پارتی | ١٥١ | ٣٨.٦ | ١ |
| یەکێتی | ١٠٣ | ٢٦.٤ | ٢ |
| نەوەی نوێ | ٩ | ٢.٣ | ٧ |
| یەکگرتوو | ١٧ | ٤.٣ | ٥ |
| کۆمەڵ | ١١ | ٢.٨ | ٦ |
| گۆڕان | ٢٧ | ٦.٩ | ٤ |
| سەربەخۆ | ٧٣ | ١٨.٧ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٣٩١ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) دەردەکەوێت کەتایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەکە لەڕەگەزدا (نێر) زیاترە لە (مێ) و لە پێبەستبوونی سیاسیدا (پارتی) زیاترە لەپێبەستبوونە سیاسییەکانی دی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)-ژمارە(٣),پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

* <u>**دووەم/ وەڵامی سامپڵی توێژینەوە.**</u>

خشتەی (٣): ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا

| بژاردە / سۆشیال میدیا | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | گرنگی ڕێژەیی | ئاستی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | | |
| فەیسبووک | ٢٨٩ | ٢٧.٨ | ٥٦ | ٤.٨ | ٢٣ | ٢.١ | ٠.٨٢ | بەرز |
| ئینستاگرام | ٦٣ | ٦.١ | ١٧٤ | ١٤.٨ | ١٣١ | ١١.٩ | ٠.٥٥ | مامناوەند |
| تویتەر | ٤١ | ٤ | ١٤٥ | ١٢.٤ | ١٨٢ | ١٦.٥ | ٠.٤٩ | مامناوەند |
| یوتیوب | ١٦٩ | ١٦.٣ | ١١٩ | ١٠.٢ | ٨٠ | ٧.٢ | ٠.٦٨ | بەرز |
| سناپچات | ٢١ | ٢ | ١٤٥ | ١٢.٤ | ٢٠٢ | ١٨.٣ | ٠.٤٦ | مامناوەند |
| تیکتۆک | ١٣ | ١.٣ | ١٣٦ | ١١.٦ | ٢١٩ | ١٩.٨ | ٠.٤٤ | مامناوەند |
| واتسئاب | ٢٢٠ | ٢١.٢ | ٩٦ | ٨.٢ | ٥٢ | ٤.٧ | ٠.٧٥ | بەرز |
| ڤایبەر | ١٥١ | ١٤.٦ | ١٢٩ | ١١ | ٨٨ | ٨ | ٠.٦٦ | بەرز |
| تێلیگرام | ٧٠ | ٦.٧ | ١٧١ | ١٤.٦ | ١٢٧ | ١١.٥ | ٠.٥٦ | مامناوەند |
| | ١٠٣٧ | ١٠٠ | ١١٧١ | ١٠٠ | ١١٠٤ | ١٠٠ | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) دەردەکەوێت کەسامپڵی توێژینەوەکە ئاستی بەکارهێنانیان بۆ سۆشیال میدیا بەپلەی یەکەم بۆ تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووکە بەگرنگی ڕێژەیی (٠.٨٢) وئاستی گرنگی بەرز، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کەسامپڵی توێژینەوەکە لەنێو پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیادا زیاتر فەیسبووک بەکاردێنن بۆ مەبەستە زانستی ودیاریکراوەکانی دیکەیان، هەروەها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)-ژمارە(٣),پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیکتۆک بەپلەی کۆتایی دێت وەک پلاتفۆرمێکی سۆشیال میدیا بەگرنگی ڕێژەیی (٠.٤٤) وئاستی گرنگی مامناوەند، ئەمەش ڕەنگدانەوەی کەمی بەکارهێنانی ئەم پلاتفۆرمە نوێیە لای سامپڵی توێژینەوەکە.

خشتەی (٤): ئاستی گرنگیدان بەو سۆشیال میدیایانەی جێی توێژینەوەن لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا

| بژاردە / سۆشیال میدیا | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | گرنگی ڕێژەیی | ئاستی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | | |
| فەیسبووک | ١٧٠ | ٥٣ | ١٤٢ | ٢٠.٣ | ٥٦ | ١٢.٤ | ٠.٧٠ | بەرز |
| یوتیوب | ٦٥ | ٢٠.٢ | ١٩٥ | ٢٧.٩ | ١٠٨ | ٢٤ | ٠.٥٧ | مامناوەند |
| تێلیگرام | ٧٩ | ٢٤.٦ | ٢٠٧ | ٢٩.٦ | ٨٢ | ١٨.٢ | ٠.٦٠ | مامناوەند |
| تیکتۆک | ٧ | ٢.٢ | ١٥٦ | ٢٢.٢ | ٢٠٥ | ٤٥.٤ | ٠.٤٤ | مامناوەند |
| | ٣٢١ | ١٠٠ | ٧٠٠ | ١٠٠ | ٤٥١ | ١٠٠ | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٤) دەردەکەوێت لەلای سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی گرنگیدان بەو سۆشیال میدیایانەی کەجێی توێژینەوەن لەپلەی یەکەمدا تۆری فەیسبووک دێت بەگرنگی ڕێژەیی (٠.٧٠) وئاستی گرنگی بەرز، ئەمەش ڕەنگدانەوەی واقعی سامپڵی توێژینەوەکەیە بەدیارترین وپر بەکارهێنەرترین تۆری کۆمەڵایەتی، هەروەها تیکتۆک بەپلەی کۆتایی دێت بەگرنگی ڕێژەیی (٠.٤٤) وئاستی گرنگی مامناوەند، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کەسامپڵی توێژینەوەکە کەمترین گرنگیان هەیە بۆ ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)-ژمارە(٣),پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (٥): ئاستی گرنگیدان بەهۆشیاری سیاسی بۆ پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد لەسەر سۆشیال میدیا لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا

| بژاردە / پرس | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | گرنگی ڕێژەیی | ئاستی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | | |
| پرسی ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکان | ٤٥ | ١٩.١ | ٧٧ | ٢٣.٥ | ١٢٥ | ٣٠.١ | ٠.٥١ | مامناوەند |
| پرسی پێشمەرگە | ٥٥ | ٢٣.٤ | ٨٥ | ٢٥.٩ | ١٠٧ | ٢٥.٨ | ٠.٥٤ | مامناوەند |
| پرسی بودجە | ٧٧ | ٣٢.٨ | ٨٦ | ٢٦.٢ | ٨٤ | ٢٠.٢ | ٠.٦٠ | مامناوەند |
| پرسی نەوت وگاز | ٥٨ | ٢٤.٧ | ٩٠ | ٢٧.٤ | ٩٩ | ٢٣.٩ | ٠.٥٥ | مامناوەند |
| کۆی گشتی | ٢٣٥ | ١٠٠ | ٣٢٨ | ١٠٠ | ٤١٥ | ١٠٠ | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٥) دەردەکەوێت لەلای سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی گرنگیدان بەهۆشیاری سیاسی بۆ پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد لەسەر سۆشیال میدیا لەپلەی یەکەمدا پرسی بودجە دێت بەنێوەندی ژمێرەیی (١.٩٧) ولادانی پێوەری (٠.٨٠٨) وگرنگی ڕێژەیی (٠.٦٠) وئاستی گرنگی مامناوەند، ئەمەش ڕەنگدانەوەی واقعی سامپڵی توێژینەوەکە بەدیارترین وکاریگەرترین پرسە بۆ هەرێمی کوردستان بەگشتی وموچەخۆران بەتایبەتی، هەروەها پرسی ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکان بەپلەی کۆتایی دێت بەنێوەندی ژمێرەیی (١.٦٨) ولادانی پێوەری (٠.٧٦٥) وگرنگی ڕێژەیی (٠.٥١) وئاستی گرنگی مامناوەند، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کەسامپڵی توێژینەوەکە کەمترین گرنگیان هەیە بۆ ئەو ناوچە کوردیانە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (٦): بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و هۆشیاری سیاسیان بۆ پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم و بەغداد

| سۆشیال میدیا / هۆشیاری سیاسی | نێوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | گرنگی رێژەیی | ئاستی گرنگی |
|---|---|---|---|---|
| ئارەزوی بەدواداچونی پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد دەکەیت لەسەر سۆشیال میدیا | ٣.٥٥ | ١.٢٢٢ | ٠.٧١ | بەرز |
| لەسەر بابەتە بڵاوکراوەکانی سۆشیال میدیا گفتوگۆ وبیر ورا ئاڵوگۆر دەکەیت پەیوەست بەپرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد | ٢.٩٤ | ١.٣٧٢ | ٠.٥٩ | مامناوەند |
| لەرێی سۆشیال میدیاوە وێنای راستەقینەت بۆ دروست دەبێت سەبارەت بەپرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد | ٢.٧٠ | ١.٣٤٠ | ٠.٥٤ | مامناوەند |
| سۆشیال میدیا دەتوانێت ئاشنایەتیت زیاد بکات بەپرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد | ٣.٦١ | ١.٠٨٠ | ٠.٧٢ | بەرز |
| لەرێی سۆشیال میدیاوە پێبەستبوونی نیشتمانی ونەتەوەیت بەهێز دەبێت | ٣.٠٥ | ١.٤٤٦ | ٠.٦١ | مامناوەند |
| بەشداری راستەوخۆت لەسۆشیال میدیادا دەبێتە فاکتەرێک بۆ چارەسەری پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد | ٢.٨٣ | ١.٣٨٥ | ٠.٥٧ | مامناوەند |
| پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد لەسەر سۆشیال میدیا بەشێوەیەکی لۆژیکیانە هانت دەدات بۆ تێگەیشتنی دروست لەسروشتی ئەو پرسانە | ٢.٦٧ | ١.١٧٤ | ٠.٥٣ | مامناوەند |
| سۆشیال میدیا هۆکارە بۆ دروستبونی واتە ودڵەراوکێ لەلات پەیوەست بەپرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد | ٣.٧٨ | ١.١٦٢ | ٠.٧٦ | بەرز |
| بابەتە بڵاوکراوەکانی سۆشیال میدیا پەیوەست بەپرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد پێت دەڵێت کەبابەتەکان مۆرکی حزبی وکەسیان پێوە دیارە | ٣.٦١ | ١.١٠٢ | ٠.٧٢ | بەرز |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مامەڵەکردنی ناواقعی لەسۆشیال میدیادا لەسەر پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد هەرەشە ومەترسیت لادروست دەکات لەسەر دۆزی هەرێمی کوردستان-عێراق | ٢.١٢ | ١.١٠١ | ٠.٤٢ | مامناوەند |
| پێت وایە لەرێی سۆشیال میدیاوە پێشبینی بابەتییانە پەیوەست بەپرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد ناخرێتەروو | ٣.٦٩ | ١.٢٢١ | ٠.٧٤ | بەرز |
| بابەتە بڵاوکراوەکانی پەیوەست بەپرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد لەسەر سۆشیال میدیا ناتوانێت گۆرانکاری لەدیدی سیاسیتدا دروست بکات | ٣.٨٦ | ١.١٠٤ | ٠.٧٧ | بەرز |
| هەستدەکەیت دامەزراوە سیاسییەکان لەهەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی رون وئاشکرا ناوەرۆکی گفتوگۆکانیان لەگەڵ حکومەتی ناوەند سەبارەت بەچارەسەری پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد لەسۆشیال میدیادا ناخەنەروو | ٣.٩٣ | ٣.٩٣ | ٣.٩٣ | ٣.٩٣ |
| نەبونی سەرچاوەت دیاری زانیارییەکان پەیوەست بابەتە بڵاوکراوەکانی پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد لەسۆشیال میدیادا، بۆتە هۆی ئەوەی کەسەرنجت رانەکێشێت لەسەر رێکارەکانی جارەسەری ئەو پرسانە | ٤.١٠ | ٤.١٠ | ٤.١٠ | ٤.١٠ |
| پێت وایە بەشێوەیەکی روون ئاماژە بەکەناڵەکانی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان هەرێم وبەغداد لەسۆشیال میدیادا نادرێت سەبارەت بەچارەسەری دۆسیەی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد | ٤.٢٢ | ١.٠٠٨ | ٠.٨٤ | بەرز |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٦) دەردەکەوێت کەسامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم پێیان وایە بەشێوەیەکی روون ئاماژە بەکەناڵەکانی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان هەرێم وبەغداد لەسۆشیال میدیادا نادرێت سەبارەت بەچارەسەری دۆسیەی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد بەنێوەندی ژمێرەیی (٤.٢٢) ولادانی پێوەری (١.٠٠٨) وگرنگی رێژەیی (٠.٨٤) وئاستی گرنگی بەرز، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەئاگایی وگرنگیدان وپەیوەست بونی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ زانینی کەناڵی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان هەردوولا، هەروەها بەپلەی کۆتایی لای سامپڵی توێژینەوەکە ئاماژە بەوەدراوە کەمامەڵەکردنی ناواقعی لەسۆشیال میدیادا لەسەر پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد هەرەشە ومەترسیان لادروست دەکات لەسەر دۆزی هەرێمی کوردستان-عێراق

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەنێوەندی ژمێرەیی (٢.١٢) ولادانی پێوەری (١.١٠١) وگرنگی رێژەیی (٠.٤٢) وئاستی گرنگی مامناوەند، ئەمەش تەواو رەنگدانەوەی دروستە بۆ تێگەیشتنی مامۆستایانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستاندا بەوەی گەر هەرچەند ناواقعیانە لەسۆشیال میدیادا مامەڵە بکرێت لەسەر پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد، بەڵام نابێتە هۆی دروستبوونی هەرەشە ومەترسی لەلایان لەسەر دۆزی هەرێمی کوردستان-عێراق.

*** سێهەم: تاقیکردنەوەی گریمانەکان وشیکردنەوەیان.**

*** گریمانەی یەکەم: پەیوەندی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و هۆشیاری سیاسی سەبارەت بەپرسی توێژینەوە لەسەرکراو لای مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا.**

خشتەی ژمارە (٧): هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و هۆشیاری سیاسی سەبارەت بەپرسی توێژینەوە لەسەرکراو لای مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا.

| سۆشیال میدیا / هۆشیاری سیاسی | هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| مامۆستایانی زانکۆ | ٠.٩٦٣ | ٢١.٣٦ | ١٠.٩٩٩ | ٠.٠٠٠ |

- ئەنجامی خشتەی (٧) نیشان دەدات کەهاوکێشەی پەیوەستی لەنێوان ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و هۆشیاری سیاسی سەبارەت بەپرسی توێژینەوە لەسەرکراو لای مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەبەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (٠.٩٦٣) وبەناوەندی ژمێرەیی (٢١.٣٦) ولادانی پێوەری (١٠.٩٩٩) وبەهای ئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستیەی کەتاکو سامپڵی توێژینەوە ئاستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیایان زیاتربێت، ئەوا هۆشیاری سیاسییان سەبارەت بەپرسی توێژینەوە لەسەرکراو زیاتر دەبێت.

*** گریمانەی دوهەم: جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە هەیە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسییان سەبارەت بەپرسی توێژینەوە لەسەرکراو بەپێی: (رەگەز - پێبەستبوونی سیاسی) هەیە**

خشتەی ژمارە (٨): ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسییان سەبارەت بەپرسی توێژینەوە لەسەرکراو بەپێی: (ڕەگەز)

| ڕەگەز | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی Z | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مێ | ١٤٧ | ٧٤.٠١ | -١٦.٨٤٧ | ٤٠.٥ | ٣٤.١٢٥ | ٠.٠٠٠ |
| نێر | ٢٤٤ | ٢٦٩.٤٩ | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٨) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسییان سەبارەت بەپرسی توێژینەوە لەسەرکراو هەیە بەپێی ڕەگەز، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (z) کە (-١٦.٨٤٧) وبەناوەندی ژمێرەیی (٤٠.٥) ولادانی پێوەری (٣٤.١٢٥) وبەئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێر بەبەهای ناوەندی روتبی (٢٦٩.٤٩) بەرانبەر (٧٤.٠١) بۆ ڕەگەزی مێ.

خشتەی ژمارە (٩): ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسییان سەبارەت بەپرسی توێژینەوە لەسەرکراو بەپێی: (پێبەستبوونی سیاسی)

| پێبەستبوونی سیاسی | دوبارە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)-ژمارە(٣),پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | تاقیکردنەوەی کا2 | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی | ١٥١ | ٣١٥،٩٤ | ٣٥٧،٩٠٩ | ٤٣.٨٦ | ٣٦.٠٠٤ | ٦ | ٠.٠٠٠ |
| یەکێتی | ١٠٣ | ١٨٨،٦٨ | | | | | |
| نەوەی نوێ | ٩ | ١٣٥،٠٠ | | | | | |
| یەکگرتوو | ١٧ | ٧٥،٧١ | | | | | |
| کۆمەڵ | ١١ | ٦٣،٠٠ | | | | | |
| گۆران | ٢٧ | ٦٣،٠٠ | | | | | |
| سەربەخۆ | ٧٣ | ٦٣،٠٠ | | | | | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٩) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسییان سەبارەت بەپرسی توێژینەوە لەسەرکراو هەیە بەپێی پێبەستبوونی سیاسی، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٣٥٧،٩٠٩) وبەناوەندی ژمێرەیی (٤٣.٨٦) ولادانی پێوەری (٣٦.٠٠٤) وبەپلەی ئازادی (٦) وئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی پێبەستبوونی سیاسی پارتی بەبەهای ناوەندی ڕوتبی (٣١٥،٩٤) زیاد لەبەهای ناوەندی ڕوتبی داهاتەکانی دیکە.

## ٥. دەرەنجام وپێشنیارەکانی توێژینەوەکە:

### *دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

١- دەستەبژێری ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستان ئاستی بەکارهێنانیان بۆ سۆشیال میدیا بەگشتی گونجاوە و بە پلەم یەکەم توڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک و بەپلەی کۆتایی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک بەکاردەهێنن.

٢- ئاستی گرنگیدان بەهۆشیاری سیاسی بۆ پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد لەسەر سۆشیال میدیا لە لایەن بەرتوێژانی توێژینەوەکە لەپلەی یەکەمدا پرسی بودجە دێت و بەپلەی کۆتایش پرسی پرسی ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکان دێت.

٣- دەستەبژێری ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستان بەپلەی یەکەم پێیان وایە بەشێوەیەکی روون ئاماژە بەکەناڵەکانی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان هەرێم وبەغداد لەسۆشیال میدیادا نادرێت سەبارەت بەچارەسەری دۆسیەی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد و بەپلەی کۆتایش مامەڵەکردنی ناواقعی لەسۆشیال میدیادا لەسەر پرسەکانی ململانێی نێوان هەرێم وبەغداد هەرەشە ومەترسیان لادروست دەکات لەسەر دۆزی هەرێمی کوردستان-عێراق.

## *پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:

1- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری زانستی لە نێوان میدیای تەقلیدی و نوێ و ڕادەی کاریگەرییەکانیان لەسەر جەماوەر لە ڕووی گەشەپێدانی هۆشیاریان.

2- هەوڵدان بۆ گرنگیدان بە لایەنی شیکاریی ئەو ناوەڕۆکانەی کە لە سۆشیاڵ میدیا بڵاو دەکرێنەوە.

3- بایەخدان بە خوێندنی میدیای نوێ وەك بوارێکی نوێی میدیا لە زانکۆ و پەیمانگاکان، کە کاریگەری زۆری لە سەر خودی میدیا و بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەل هەیە.

## ٦. سەرچاوەکان:

سەرچاوە عەرەبییەکان:

1. علم الدين، ليلى (١٩٩٣) تنمية الوعي السياسي لطلاب الجامعة في مصر – دراسة تحليلية، مجلة التربية والتنمية، السنة الثانية، العدد الرابع.
2. موصلي، أماني (٢٠٢٠) دور الاعلام الجديد فی تنمية الوعی السياسی للطلبة الجامعيين الفيسبوك أنموذجا، دراسة ميدانية على عينة من طلبة قسم الاعلام و الاتصال، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة محمد الصديق بن يحيى، جيجل، الجزائر،
3. فريد، أشرف عصام (٢٠١٦) دور مواقع التواصل الاجتماعي في زيادة المعرفة بالقضايا السياسية لدي الشباب الجامعي الأردني، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط الأردن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. علم الدين، ليلى (١٩٩٣) تنمية الوعي السياسي لطلاب الجامعة في مصر – دراسة تحليلية، مجلة التربية والتنمية، السنة الثانية، العدد الرابع.
5. عبد، محمد الامين احمد (٢٠٢٠) مواقع التواصل الاجتماعى و الحراك الشعبي الاعتماد المتبادل، المركز الديموقراطى العربي، ط1.
6. رمضان، إيمان السيد جمعة (٢٠١٦) دور المواقع الاجتماعية فى تنمية الوعى السياسى والاتجاهات نحو الأحداث الجارية لدى شباب المصريين المغتربين بالدول العربية، رسالة دكتورا غير منشورة، مصر، جامعة المنصورة، كلية التربية النوعية، قسم الاعلام التربوى.
7. ذو الفقار، شيماء (٢٠٠٤) نظريات فى تشكيل اتجاهات الرأى العام ( القاهرة، الدار المصرية اللبنانية)
8. حسين، شيماء العزب (٢٠١٤) مواقع الشبكات الاجتماعية و علاقتها بتشكيل اتجاهات الرأي العام نحو القضايا السياسية (رسالة دكتورا غير منشورة، جامعة حلوان، كلية الاداب، قسم الاعلام).
9. جميل، شيرين حربي (٢٠١٠) دور التنظيمات السياسية الفلسطينية في تنمية الوعي السياسي لدى طلبة الجامعات في غزة، رسالة ماجستير، جامعة الأزهر، غزة.
10. التميمى، مهند حميد (٢٠١٦) التليفزيون و شبكات التواصل الاجتماعى تكامل ام صراع، دار امجد للنشر و التوزيع.
11. زينة بوشوارب، وفاء جبارى (٢٠١٥) دور شبكات التواصل الاجتماعى فى نشر الوعى السياسى لدى طلبة الجامعيين، دراسة ميدانية على عينه من مستخدمى فيس بوك بجامعة أم بواقي، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي، الجزائر.
12. الجمال، رباب رأفت محمد (٢٠١٢) دور المواقع الإخبارية الالكترونية في تشكيل معارف واتجاهات المغتربين المصريين نحو الأحداث السياسية في مصر للفترة ما بعد ثورة 25 يناير، ورقة بحثية (جامعة المنصورة، كلية الاداب، قسم الاعلام).

*** سەرچاوە بیانییەکان:**

1- Agnieszka Dobrzynska and Andre Blais ( 2005) “The Remodel: A Simple test” paper Prepared for Presentation at the Annual Meeting of the Canadian Political Science Association, London.
2- Danah M. Boyd, Nicole B. Ellison (2007).: Social Network Sites: Definition, History and Scholarship". In: Journal of Computer-Mediated Communication. Vol. 13, No.1, October.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)-ژمارە(٣)،پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The use of social media among the academic elite in the Kurdistan Region and its role in developing their political awareness

**Asst. Lect. Rawan Subhi Obaidullah**
Department of Media, Art, Salahaddin University, Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Department of Media Technique.Technical College of Administration, Duhok Polytechnic University, Duhok, Kurdistan Region, Iraq
rewan.subhi@dpu.edu.krd

**Asst. Prof. Rebar Goran Mustafa**
Department of Media Technique, Technical Administration College, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq
rebar.goran@spu.edu.iq

***Keywords:*** *Social Media, Academic Elite, Kurdistan Region, Role,* Developing, *Political Awareness*.

## Abstract

This study attempts to find out the extent of using social media among the academic elite in the Kurdistan Region and its role in developing their political awareness. This study is of the type of descriptive studies, and the survey method was used for a cluster random sample of (391) individuals from the universities of (Dohuk-Erbil-Sulaymaniyah-Halabja). This study reached several results, the most important of which are: The extent of social media use among the research sample is the Facebook network in the first place. Refers to the channels of diplomatic communication between the governments of the region and Baghdad on social media in a clear way about handling the file of disputes between the governments of the region and Baghdad.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩)-ژمارە(٣),پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# استخدام السوشيال ميديا لدى النخبة الأكاديمية في إقليم كوردستان ودورها في تنمية وعيهم السياسي

**ملخص:**

تحاول هذه الدراسة لمعرفة مدى استخدام السوشيال ميديا لدى النخبة الأكاديمية في إقليم كوردستان ودورها في تنمية وعيهم السياسي. هذه الدراسة من نوع الدراسات الوصفية و استخدمت منها منهج المسح لعينة عشوائية عنقودية عددها (391) فرد من اساتذة جامعات (دهوک-اربيل-السليمانية-حلبجة). توصلت هذه الدراسة إلى عدة نتائج، من اهمها: ان مدى استخدام السوشيال ميديا لدى عينة البحث هو شبكة الفيسبوک بالدرجة الاولى، كما مدى اهتمام المبحوثين بالتوعية السياسية لقضايا الخلافات بين حكومتى الاقليم والبغداد على السوشيال ميديا هو قضية الموازنة بالدرجة الاولى، وراى عينة البحث بان لن يشير الى قنوات الاتصال الدبلوماسى بين حكومتى الاقليم والبغداد على السوشيال ميديا بطريقة واضحة حول معالجة ملف الخلافات بين حكومتى الاقليم والبغداد.